# نەخۆش

سەعید سلێمانی



ئێستاکە بۆم بۆتە عادەتێکی هەمیشەیی، هەر مانگە دوو سێ جار ئاوام بەسەر دێت، بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکەمەوە، بێ ئەوەی بهێڵم کەسێك چاوی بەو ڕشانەوە بێوێنەیەی من بکەوێ. گوتم لێم بۆتە عادەتێکی مانگانە، وەك دەورەی مانگانەی ئافرەتانی سەروعوزرشۆر، شایەدیش من یەکێك بم لەوان. تۆ بڵێی ئافرەتێك لە گەروومدا یان لە هەر شوێنێکی دیکەی ناو زگم یان ئەندام‌مدا جێگیر نەبووبێ؟ (ئەمە دەبێ باشتر بیری لێ بکەمەوە یان لەگەڵ پزیشکێك یا دەروونناسێکدا باسی لێوە بکەم). نازانم بۆ هەر جارێك بیر لەمە دەکەمەوە خەونێکی خۆمم دێتەوە بیر، کە لەودا حەسرەتیانە بە شوێن گرتنی ماسییەکی جوان و لووس و پوسەوە بووم، بەڵام بۆم بەردەست نەدەکرا، بەناچار کەوتە بەر هەڵمەتم و زگیم دڕاند، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خەمێکی ئەوتۆیم نەبوو... ئەمانە

نازانم چ پێوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە، بەڵام لەهەرحاڵدا من لە پیاوەتیی خۆم بێگومان و دڵنیام. دەیان جار لەگەڵ ئافرەتدا خەوتووم، دەیان جار دەستپەڕم کردووەو چاوم بەو جڵغاوە سپییە کەوتووە، کە لەنێوان قامکەکانمەوە دەرپەڕیوە یان ڕژاوە بەسەر لا ڕان و کەفەڵ و سمتی ئافرەتانی ناسك و ناحەز و قەڵەو و لەڕدا... ئەی کەوابێ ئەمە چ زەهرەمارێکە من تووشی بووم...؟!

یەکەم جار کە وام لێهات جوان لە بیرمە، پێشنیوەشەو کە بەرەو ژوورەکەم دەچوومەوە، سەرم لە گێژەوە دەهات، ناوزگم تێکەڵ دەهات و جارناجار لەترێکم دەبرد، کە گەیشتمەوە ژوورەکەم یەکسەر بەرەو مەبالەکە ملم پێوەناو.. پاشان هێنامەوە... جۆرە ڕشانەوەیەکی سەیر بوو... نازانم لە چی دەچوو، ئێستاش هەر نازانم چ زەهرەمارێکە...؟! کاوێژی پاتاڵم دیوە، هەروەها ڕشانەوەی سەگ، گووی پشیلە و دەیان جۆر پیسایی تر، کە بوونەوەرەکان بە پاش و بە پێش دایدەنێن، کەچی ئەو کەسافەتەی من لە هیچیان نەدەچوو. ئاوێکی لیقنی نارنجی ڕەنگی برێك خەست، کە دەنکی ڕەشی پێوە بوون، نازانم، شایەدیش من وام بەرچاو هاتبێ... لەهەرحاڵدا نە جارێك و نە دووان و نە سێیان... دەتگوت دەریایەك پیساو لە گەروومەوە سەرەڕێژی کردووە، ئێستاش ئەو شەوەم لەبیر ناچێتەوە. کە لیکاوەکەم تەواو بوو، هەستام و تەخت لە جێگەکەمدا درێژ بووم. شەو خەونم بە گۆمێکی مەندی پڕ لە ماسیی لووس و پوسەوە بینی، کە حەسرەتیانە بۆ گرتنیان دەمڕوانی. بەیانی کە لە خەو ڕاستبوومەوە یەکسەر چووم بۆ لای دکتۆر و هەرچی ناو گەروو و ناو زگمی تاقیکردەوە، هیچی بۆ دەرنەکەوت. گوتی: تۆ لەوە ناچێ تەنانەت بۆ جارێکیش نەخۆش کەوتبیت، جاری دووهەمیش کە وام لێهاتەوە، دیسان هەمان شت، بەڵام دەستبەجێ چووم بۆ نەخۆشخانە، کە دکتۆرەکەم تێگەیاند و ئەویش گەروو و ناو زگمی تاقیکردەوە، باوەڕی پێ نەکردم. گوتی: دەزانم، هیچت نییەو ئەمەشم وەك ئاو لێ ڕوونە. هەروا خەریك بوو شێتم بکات... ئەگەر چەند چرکە درەنگتر بهاتبامایە دەرەوە، لەوانەبوو ڕەوانەی شێتخانەیان بکردبام.

ئیتر لەوە بەدوا چیتر ڕووم نەکردەوە ئەو شوێنەی کە لەوێدا ساغەکانیش نەخۆش دەکەون، هەر بۆیەش تا ئێستاکە ئەم سندانەم لەگەڵ خۆمدا بەکێشکردووەو لەم ماوەیەشدا ڕێگەم بە کەس نەداوە ڕوو بکاتە ناو ژوورەکەم، تاکو چاوی نەکەوێت بە پاشماوەی ئەم هەموو کەسافەتەی کە لێم بەجێدەمێنێ... هەڵبەت ئەگەر کەسانی نەخۆشم دەستکەون ئەوە شتێکی ترە، شایەدیش ڕۆژێك ژوورەکەم بکەم بە نەخۆشخانەیەکی پڕ نهێنی و چەپەك.. چەپەك وەك سووچە نادیارەکانی ناو قوولاییەکانی زەین.. پڕ نهێنی وەك خولیاکانی ئەودیو تەوێڵی کەسێکی خەمۆك.

ئەمێستاکە گەرچی تەمەنم سەرکەوتووەو هەروا ڕەبەن ماوم، بەڵام حەسرەتیانە حەز دەکەم بەوەی کە کەسێك ببێتە هاودەمم. تامەزرۆی ئەوەم کە کەسێك — تەنیا کەسێك— بکەمە هاوبەشی ئەم هەموو ڕشانەوەیەم، بەڵام زراوم دەچێ و... لەوە دەترسم کە لەگەڵیدا ببم بە یەك، واتە لەوە دەترسم کە ئافرەتێك — تەنیا ئافرەتێك— پێبزانێ بەوەی کە منیش هەر وەك ئەو و لەگەڵ ئەودا دەکەومە دەورەی مانگانەوە.